# کورد لە شەڕ دایە؛ تێزەکانی هەبوونی شەڕ لە کوردستان

مانی ڕەحیمی

هەر چەند کورد وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت ئامرازەکانی شەڕی وەک بکەرێکی دەوڵەتی لەبەردەستدا نی‌ن، بەڵام بەهۆی هەڵسوکەوتی داگیرکەران، لەگەڵ پرسی کوردستان، بە ڕوونی ڕەهەندە ئاشکراکانی شەڕ لە دژی کوردستان بەدی دەکرێن. لەم بابەتە شرۆڤەکارییەدا ئەو تێزانە دەخەینەڕوو و گەنگەشە دەکەین کە ئاماژەکانی هەبوونی شەڕی کوردستان و داگیرکەران نیشان دەدەن و دەسەلمێنن:

یەکەم، پێشێلکاریی یەکپارچەیی کوردستان: داگیرکەران لە مێژووی کۆن و نوێدا لە ڕێگەی کێشانی هێزی لەشکریی و جەنگێکی بەرفراوان خاکی کوردستانیان گرتووە و ئەو وڵاتەیان خستۆتە سەر وڵاتی خۆیان .ئەو هێزی لەشکەرییەی ئەوان هێشتا لەسەر خاکی کوردستان بەوپەڕی هێز و تواناییانەوە وەك داگیرکەر ماوەتەوە و بێوچان لەدژی هەر چەشنە جوڵەیەکی کوردستانیی بەکاری دەهێنن. هەبوونی هێزی لەشکەری داگیرکەر و پێشگیری کردن لە دامەزرانی سوپای نیشتی‌مانی کوردستان (Kurdistan National Army) بۆ بەرگری لە یەکپارچەیی کوردستان (territorial integrity) هێمای بەکردار داگیرکاریی کوردستانن.

دووەم، زەوتکردنی هەبوونی دەزگای دەوڵەت: بە پاڵپشتی ئەو هێزە لەشکەرییەی کە ل‌ەسەر خاکی کوردستان جێگیریان کردووە، دامودەزگا (apparatus) و دامەزراوەکانی خۆیان بەسەر کوردستان دا سەپاندووە و دەیپارێزن. هەر بە هەمان شێوەش پ‌ێشگیریی دەکەن لە نەتەوەی کورد، لەسەر نیشتمانی خۆی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای خۆی بنیاد نەنێت. لەهەمانکاتدا، دامودەزگاکانی داگیرکەران وەکوو بوونێکی بیانی دوای ئەوە خۆیان سەپاند هێز و سەرمایەیەکی زۆریان بۆ گۆڕینی فۆرم و شێوە و نۆرمەکانی کۆمەڵگای کوردستان تەرخان کرد.

سێیەم، پێشێلکاری ئاسایشی نەتەوەیی: بە پاڵپشتی ئەو هێزە لەشکەرییە، دەزگای سەرکوت، تۆقاندن و کۆنترۆڵیان بە سەر خەڵکی کوردستانەوە دامەزراندووە و بە هەموو ئامرازەکانی شەڕی نەرم و سایکۆلۆجی

ئەندازیاری جەماوەری (mass formation) دەکەن و پێش بە هێزمەندسازی مرۆڤی کوردستانی دەگرن تاوەکوو توانای بەگژداچوونەوە و بەشەڕهاتنەوەی لێ زەوت بکەن. دامودەزگای هەواڵگری و سەرکوتی داگیرکەران پێشگیری دەکەن لە ئەوەی کە کوردستان دامودەزگای پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لە نیشتیمانی خۆی بنیاد بنێت.

چوارەم، پێشیلکاری شارۆمەندیی‌ەتی کوردستانی: داگیرکەران بە پشتبەستن بە توانا و هێزە ئەمنی و سەربازییەکانیان لە کوردستان یاسا و یاسامەندی خۆیان بەسەر کۆمەڵگای کوردستان زاڵ کردووە. بەپێی ئەو یاسامەندییە هاووڵاتیبوونی (citizenship) ساختەی "ئێرانی، ئێراقی، تورکی و سووری"ان بەسەر مرۆڤی کوردستانیی‌دا سەپاندووە و شارۆمەندییەتی (citizenry) کوردستانیان لێ زەوت کردووە. داگیرکەران هەلی گەشە و گۆڕینی کۆمەڵایەتی و دەسڕاگەیشتن بە ئامرازەکانیان تەنیا لە ڕێگای هاووڵاتیبوونی ساختە و درۆیینەی داسەپاو دەرەخسێنن و هاووڵاتیبوونی داگیرکەران بۆ مرۆڤی کوردستانی بەواتای بەرهەمهێنانەوەی داگیرکاری و سڕینەوەی تواناکانی و لە قاڵبدانی تاکی کورد لە دۆخی نائاسایی و نائازادی‌دا.

پێنجەم، پێشێلکاری یاسامەندیی کوردستانی: داگیرکەران بە پاڵپشتی هێزی ئەمنی و لەشکەریی لەڕێگەی داسەپاندنی یاسا و یاسامەندیی خۆیان کە لە دژایەتی قووڵی بەها کۆمەڵایەتی و کلتوری و نەریتییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دایە پێگەی مرۆیی لە ژنان و ڕەگەز و جێندەرەکانی کوردستان دەستێننەوە و بەها کوردستانییەکان بە تایبەتی لە ژنان زەوت دەکەن. هەر بە پشت بەستن بەو هێزەش، ڕۆڵ و ناسنامەی ڕەسەنی خەڵکی کوردستان پێشێل دەکەن و بەپێی یاسا و کلتور و سیاسەتی خوازراوی خۆیان ناسنامەگەلێکیان بۆ دادەڕێژن کە لە دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی و تەنانەت بەرژەوەندی خۆیاندایە. بەم شێوە لە جەوهەری هێز دووریان دەخەنەوە و دەیانبەنە قەوارەی مافخوازی و عەداڵەتخوازی تاوەکوو لە دامەزراندن و دارشتەنەوەی سیستەمی سیاسی و یاسایی و مافەکان و ئەرکەکانی کۆمەڵگە بەشداری نەکەن و پەراوێز بکەون.

شەشەم، زەوتکردنی هەبوونی دەزگای دادپەروەری: دەزگای داژە، سزا، بێداد و تاوانی داگیرکەران بە پشتبەستن

بە هەبوونی هێز و توانای سەربازیی و ئەمنیی و لەشکەریی خۆیان لە کوردستان دامەزراندون، لە ژێر یاسایەکی بێگانە و داگیرکەرانە لە کوردستان مرۆڤی کوردستانی بە هەر بیانوویەك بێت سزا دەدەن و ناسنامەی کوردستانی لە مرۆڤی کورد دەستێننەوە و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان دا دەسەپێنن و بەناوی یاسا و دادگای ناکوردستانی جینۆسایدی کوردستانییان دەکەن. ئەوان لەسەر بنەمای هەبوونی ئەو هێزە پێش بە هەبوونی دەزگای دادگەریی لەسەر بنەمای پەیماننامە جیهانی‌یەکانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان دەگرن.

حەفتەم، زەوتکردنی هەبوونی دەزگای خوێندن و پەروەردە: دامودەزگای خوێندن و فێرکاری داگیرکەران بۆ ئەوەی توانای درێژە بە مێشکشۆری (manipulation) منداڵان و خوێندکارانی کوردستانیان هەبێت و هەروەها بکەری (agency) لە مرۆڤی کوردستانی زەوت بکەن و ئایدیۆلۆجیای ئێرانی، تورکی یان عەرەبی بچێننە نێو زەینیان و کەسایەتییان ئەندازیاری بکەنەوە، پێویستیان بەوە هەیە کە پاڵ بە هێزی لەشکری داگیرکەریان بدەن و بەم هێزە پێشگیری لە دامەزراندنی سیستەمی پەروەردە و خوێندنی کوردستانیی بکەن و توانای دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆیان لە کوردستان بەرز ڕابگرن.

هەشتەم، زەوتکردنی هەبوونی دەزگای میدیا و ڕاگەیاندن: داگیرکەران بە پاڵوەدان بە هێز و توانا ڕەق و نەرمەکانیان لە لەشکر و سەربازەوە بگرە تا دامودەزگا میدیایی و پڕوپاگەندەکانیان خۆیان لە کوردستان دامەزراندووە و بەرهەمی میدیایی و میکانیزمی پروپاگەندەی خۆیان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجیای خۆیان بەرهەم دەهێنن. ئەم دەزگایانە حیکایەت و گێڕانەوەکانی نەتەوەیی خۆیان لە زەینی کورد دا پەرە پێدەدەن و ڕەوتی گواستنەوەی زانیاری کۆنترۆڵ دەکەن تاوەکوو کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی، ئاسایشی نەتەوەیی و ەژموونی داگیرکەرانەی خۆیان ئاراستە بکەن و ئەممەش خەڵکی کوردستان دەخاتە ژێر دۆخێکی ناهەڵبژاردە. واتە کۆمەڵگەی کوردستان زانیاری و تێگەیشتنیان لە ڕەوتی گۆڕینی دۆخی داگیرکاری، هەروەها لە بواری بەرەنگاریی لەدژی دامودەزگاکانی ئیداری داگیرکەر لە وێنەچەقبەستووەکان (stereotype) بەدیلگیراویی و بێدەستەڵاتییەوەیە.

نۆیەم، پێشێلکاری سەروەریی ئابووری: داگیرکەران بە پشتیوانی هێزی لەشکەریی و دامەزراوەکانیان لە کوردستان بنخان و سەرخانی ئابووری کوردستان دەهێننە ژێر ڕکێفی خۆیان و ئابووری پشتبەستوو بە داگیرکەران بنیاد دەنێن و تۆڕی بازرگانی کۆنترۆڵ دەکەن و پێش بە گەشەی ئابووری دەگرن. سامانە سروشتییەکان لەسەر بنەمای پەیوەندی کۆلۆنیاڵدا تاڵان دەکەن و سیاسەتی لەگەشەخستن (de-development) پێش دەخەن و سەروەریی ئابووری کوردستان هەرەس پێدێنن.

دەیەم، زەوتکردنی هەبوونی دەزگای کلتوریی: سیاسەتی تواندنەوەی کلتوری و لەناوبردنی میراتی کلتوری (cultural heritage) و شوێنەوارە کەونارەکانی کوردستان لە لایەن داگیرکەرانەوە پشت بە هەبوونی هێزی دڵڕەق و یەکڕەنگیی سەربازیی و ئەمنیی داگیرکەران دەبەستێت و پێشگیری لە سازبوونی دامەزراوە و دەزگاگەلی کوردستانی پەیوەندیدار بە گەشەی کلتوری و دەزگای پاراستنی میرات و شوێنەوارەکان دەکات کە دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی بنخانە کلتورییەکان و فەوتاندن و تاڵانکردنی مەبەستداری شوێنەوارەکان و لاوازبوونی هەستی نەتەوەیی و پێکبەستەیی نیشتیمانیی.

یازدەم، زەوتکردنی ئازادی سیاسی: داگیرکەران بە پشتیوانی هێز و تواناکانیان ، بە کەڵك وەرگرتن لە دامەزراوەکان و دەزگاکانیان ئازادی سیاسی و سەربەستی مەدەنی (civil liberty) بنبڕ یان کۆنترۆڵ دەکەن و پێشگیری لە بنیاتنانی دەزگا و دامەزراوەگەلێکی کوردستانیی دەکەن، کە ئازادی سیاسی و ئامرازەکانی سیاسەتکردن وەك دەوڵەت و حیزبی سیاسی کوردستانی و ڕێکخراوەگەلی مەدەنی وەك سامانی کۆمەڵایەتی (social capital) بەرەوپێش دەبن. داگیرکەران بەو خۆسەپێنییە هەر چەشنە هەوڵێکی نەتەوەیی بۆ سیاسەتی کوردستانیی، بە سەرکوت، ڕەشبگیری و کۆمەڵکوژیی سیاسی وەڵام دەدەنەوە.

دوازدە، پێشێلکاری سەربەستیی ئاوەزیی: لە کوردستانی داگیرکراودا داگیرکەر بە پاڵپشتی دامەزراوە دەوڵەتییەکان و بە کەڵکوەرگرتن لە شەڕی سایکۆلۆجی، نەیارناسیی مێژوویی کورد کرمۆڵ دەکەن و بەسازکردنی بەستێن و کەرەسەگەلی بیرەوەری هاوبەش، چێژی هاوبەش و سۆزی هاوبەش بۆ نەتەوە و دەوڵەتی داگیرکەر ڕادەکێشێت. بەمەش، کۆمەڵگەی کوردستان لە ئاستی بەرفراواندا تووشی نەیارشەیدایی دەکات. لە

ئاکامدا مرۆڤی کوردستانی بە لێونبوونی زیاتری خود (self) لە ئاوەز و زەینی کوردی دا، دڵخوازانە ئامێز بۆ خۆکۆیلەکەری (voluntary servitude) و خۆبەدەستەوەدان دەکاتەوە کە لە ئەنجامدا گوتار و سیاسەت و ستراتیژییەکانی خۆی لەڕووی خۆییسازی داگیرکەر و ئەویدیسازی نێوخۆیی هەڵدەچنێت.

پاڵاوتەی ئەم دوازدە تێزە بریتییە لەوە کە داگیرکەران بە کەڵك وەرگرتن لە شەڕ وەك مێتۆد و هێز و لەشکر وەك ئامراز دوو جەوهەری سەرەکی لە نەتەوەی کورد زەوت دەکەن کە وەك دیارخەر (index) نەگۆڕ و سەوداهەڵنەگرن و بریتین لە وڵات و سەروەریی نەتەوەیی (national sovereignty) کە لە بەرئەنجامدا، یەکەم، کوردستان وەک خاکی نەتەوەی کورد و وڵاتی کوردستان وەک نیشتیمانی کوردستانیان و خاکێکی یەکپارچەیە کە داگیرکەران دابەش و داگیریان کردووە. دووەم، سەروەریی نەتەوەیی بەسەر وڵاتی کوردستان دا زەوت دەکەن کە تەنیا مافی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە.

زەوتکردنی ئەو دوو جەوهەرە ڕێگا دەکاتەوە کە هەموو تایبەتمەندییەکانی دیکەی بوونایەتیی نەتەوەیی و دەوڵەتداری لە کورد و کوردستان بستێندرێتەوە و نەهێڵێن ژیانی کوردستانیان ژیانێکی سەربەست بێت بە پشتبەستن بە وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازاد و سەروەریی نەتەوەیی و نیشتیمانیی کە خۆی بەڕێوەبەرایەتی وڵاتی خۆی بەدەستەوە بگرێت و ژیانی سەربەخۆ بخولقێنێت.

بە پشتبەستن بە ئەنجامی ئەو تێزانە، ئەوە پشتڕاست دەبێتەوە کە داگیرکاریی لە کوردستان شەڕێکە لە دەسپێکەوە هەتا ئێستا درێژەی هەیە، بەڵام پەرچەکرداری کوردستانیان ڕوو بە داگیرکەران لە دوای "سمکۆ شکاک"ـەوە، لە فۆڕمی شەڕ یان جەنگ بە هەردووك واتای کلاسیك و مۆدێرنەکەی نەبووە، بەڵکو کورد لە پێناو زیندوومانەوە تەنیا بەرخۆدان لە مێتۆد و لە هێزی میلیشیایی وەك ئامراز کەڵکی وەرگرتووە. لە مێتۆدی بەرخۆداندا هێز نەك ئامرازی سەرکەوتن بەڵکو فشارە. بەم هۆیە گەیشتن بە سەرچاوە و ئامرازگەلی هێز وەك ستراتجییەکی نەگۆڕ و سەوداهەڵنگر لە مێتۆدی بەرخۆداندا بەدی ناکرێت. چوونە ناو فۆڕمی شەڕەوە، پێویستی بە ئامرازی شەڕ هەیە، کە ئامرازگەلێکی پەیوەندیدارن بە فۆڕمی خۆڕێکخستنی کوردستانیان لە فۆرمی دامەزراوەیی هێزتەوەردا.

لە پاش "کۆماری کوردستان"ـەوە کورد هەموو جووڵە و جمشتەکانی خۆی لە فۆڕمی حیزبی شۆڕشگێڕی-چەکداری بە سروش وەرگرتن لە چەپی شۆڕشگێڕی جیهانی سەر بە سۆڤییەت و چین بەرپا کردووە و لە فۆرمگەلێک کە نەتەوەسازانە و نیشتیمانسازانە هێزتەوەرنخۆیان دوور کردۆتەوە کە بووە بە هۆی سەرهەڵدانی حیزبی چەکداری کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

فۆڕمی ڕاستەقینەی ڕزگارییەبەخش بۆ وڵاتی داگیرکراو، کوردستان بە ڕوونی، سوپای ڕزگاریی و دەوڵەتی کاتیی‌یە کە سەرجەم هێزەکانی کوردستان لەخۆیدا کۆ بکاتەوە، هەروەها دەوڵەتی کاتیی وەک تاکە ئامرازی سیاسەتکردن لە کوردستان ڕوو بە نێوخۆ و دەرەوە لە پێناو بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان سیاسەت بکات.

وەک چۆن دەوڵەت ئامرازی ڕاستەقینەی پراکتیزەکردنی سیاسەت و نواندنی کردەی سیاسییە، حیزبی سیاسی ئامرازی هەبوونی ئایدیا و پڕۆژەی سیاسییە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا کە تەنیا بە چوونە نێو قەوارەی دەوڵەتەوە لە فۆرمی دەسەڵات یان ئۆپۆزیسیۆن دا دەتوانێت ئایدیا سیاسییەکانی خۆی بە شێوازی دیژۆر پراکتیزە یان پێش بخات و بەرز ڕابگرێت و لەو سیاسەتکردنە دیفاکتۆیە دەرباز بێت کە حیزبی شۆڕشگێڕی لە خۆی پێشانی دەدات.

لەم ڕووە ڕووخساری ڕاستەقینەی داگیرکاری و ناهێزمەندسازیی کوردستانیان وەک نەتەوە لەم دوازدە تێزەدا دەردەکەوێت کە دەکرێت بەرچاوڕوونی بۆ تێگەیشتن لە چوارچێوەبەندی نەخشەڕێگایەك بن کە ئاراستەیەك بۆ کەرەسەسازی لە پێناو سیاسەتی نەتەوەیی و نیشتیمانیی لە کوردستان ڕوون بکاتەوە کە هەڵبەت مەرجمەندە بەوە کە قەیرانی گوتاریی لە کوردستان یەکلا بێتەوە.

هەبوونی گوتاری نانەتەوەیی و نانیشتیمانیی یان زۆر جار دژەنەتەوەیی و دژەنیشتیمانیی کە سەرلەبەری سیاسەتی دیفاکتۆی خۆیان لە کوردستان لە چوارچێوەی پارادایمی مافخوازی و دابینکردنی پڕۆژەی سیاسی بۆ وڵاتی داگیرکەران دەدۆزنەوە و لە فۆرمی دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت یان دۆزینەوەی بژاردەی بۆ دەزگای دەوڵەت و سیستەمی سیاسی ئەوان خۆی دەنوێنێت.

لە ئەنجامدا داگیرکەران ئاگۆرای سیاسی کوردستان بۆ مەبەستی پرۆژەی سیاسی خۆیان بەکاردێنن، کە سیاسەتێکی بیانییە، پەردێژ لە کەرەسەسازی بۆ سیاسەتی نەتەوەسازی و نیشتیمانسازی کوردستانیی زەوت دەکەن. لەسەر بنەمای ئەم تێزانە، کەسایەتی و لایەنگەلێک کە پڕۆژەی سیاسییان بۆ سەروەریی نەتەوەیی وڵاتی کوردستان نەگرێتەوە، لۆجیک نییە کە لە سیاسەتی نەتەوەیی و ئاگۆرای سیاسی کوردستان پشکیان هەبێت.

ئەوان بەبێ ئەوەی لەخۆیاندا وەرچەرخانی گوتاری بەرەو گوتاری نەتەوەیی کوردستانی ساز بکەن و سیاسەتەکانی خۆیان لەسەر بنەمای هەردووک دیارخەری وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆ وەک تاقە دەزگای دەوڵەتی خاوەن سەروەریی نەتەوەیی لە کوردستان دابڕێژنەوە، ناتوانن بەشێک لە سیاسەتی کوردستانیی بن.

مەرجی سیاسەتکردن لە کوردستان بە شێوازێکی ڕژد و سەوداهەڵنەگر دەبێت هەبوونی گوتاری سەربەخۆیی لە بنخانی سیاسی هەموو لایەنێک بێت. سیاسەت کردن لە کوردستان کاتێک ڕەوایە کە لایەنە سیاسییەکان بەڵێندار بن بە یەکپارچەیی سەرزەوینی، سەروەریی نیشتیمانیی، ئاسایشی نیشتیمانیی و بەرژەوەندیی نیشتیمانیی و بەختیاری کۆمەڵگای کوردستان.

لە ئەنجامدا وا شیمانە دەکرێت کە ئەم تێزانە ڕوونکەرەوەن بۆ پێناسەکردنی دۆخی نابەرهەمهێنەری پارادایمی بەرخۆدان وەک میکانیزمی زیندوومانەوە کە پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی سەرتاپایی و بێکەموکوڕییە لەو پارادایمەی ئێستا لە ئارادایە. هاوکات ئەم تێزانە دەتوانن بەستێن بن بۆ قۆستنەوەی هەل و پەردێژی چارەدۆزانەی تێپەڕێنن بۆ پارادایمسازی بۆ ناو دۆخی شەڕی نیشتیمانیی و زەینی بنیاتنەرانە و دەربازبوون لە چەقبەستەیی ئێستا و ڕزگاربوون لە چارەنووسی توانەوە و لەناوچوون.